**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، و پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٦١٤٨ )لە ٢٠٢٣/١٢/١٠ بڕیارماندا بە :-

١-هێنانەکایەی (استحداث)کردنی (ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو ( ٧٢) کاتژمێری لە سۆران) بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان لە ڕووی کە مکردنەوەی مەترسیەکان لە سەر ئافرەت و خێزان و هاوکاربوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

٢-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندابە:

١-هێنانەکایەی (استحداث ) کردنی هۆبەی ڕاهێنانی پیشەیی لە کفری سەر بە بەرێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی گەرمیان سە ر بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروە ستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبە ستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو دەڤەرە .

٢-ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**